# سڤیتلانا ئەلیێکسڤیچ
# ئەدەب لەنیێوان
# ریالیستی و ئەفسووناویدا



ساڵی ١٨٥٧ رۆمانی مادام بۆڤاری دەچوو، دەوترا ئەوە کارێکی واقیعییەو دوورە لەشتە سەیرو سەمەرەکان و پێچەوانەی سروشت، بەڵام لەگەڵ جیاوازی خەڵکی لەسەر ئەو کارەی گۆستاف فلۆبێر، کە بە یەکەم رۆمانی ریالیستی دادەنرا، کۆکبوون لەسەر ئەوەی دۆکیومەنتەری نییە، یان پشتی بەرووداوە راستەقینەکان نەبەستووەو دوورە لە بەدواداچوونی رۆژنامەوانی بۆ واقیع.

ساڵی ٢٠١٥ سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێدرا لەبەرامبەر رۆمانی "فرە دەنگەکان" کە بەرجەستەی نەهامەتی و ئازایەتی ئەم سەردەمە دەکات.

نووسەر بەشێوەیەکی دۆکیومەنتەری رووداوەکانی سەردەمەکەی نووسیوەتەوە لەوانە رووداوی چێرنۆبڵ کە بەگەورەترین کارەساتی ئەتۆمی دادەنرێت لەجیهاندا بەبێ ئەوەی نووسەر ئاراستەی رووداوەکانی لەسەر زاری ئەو کەسەکانەوە گۆڕیبێت کە دواندوونی.



وەرگرتنی خەڵاتەکە لەلایەن سڤیتلاناوە لەکاتێکدا بوو کە شۆڕشێکی سەرتاسەری لەلایەن نووسەرانەوە لەدژی بەرپاکراو دەوترا ئەو بەدواداچوون و کارە دۆکیومەنتەریانە ناچنە خانەی ئەدەبەوە، چونکە ئەدیب و گێڕەرەوەو چیرۆکنووس پلەی لێهاتوویی بۆ پیشەی ئاخاوتن پەیوەستە بەئاستی کارکردنی لەسەر خەیاڵ، تەنانەت کاتێکیش کە بەشێوەیەکی ریالیستی قسەدەکات، یان باس لەشتێکی واقیع دەکات، بۆیە پێویستە جیهانێکی تری هاوشێوەی راستەقینەیی دروست بکات. کاتێك گێڕرەوەی لێوەشاوە دەیەوێت خوێنەر، یان بیسەر لە جەنگ و کاریگەرییەکانی بەدوور بگرێت، بۆیە کێك لەم دوو ڕێگەیە دەبات و ڕێگەی سێیەمی لەبەردەوامدا نییە.

-یەکەم: جیهانێك لەخەیاڵ دروستدەکات، پاشان دەیکات بەدوو بەشەوەو هەردوو بەشەکەش دەکات بەگژی یەکتریدا، دواجار زووم دەخاتە سەر باخچەیەکی گوڵ، کە هەردولای جیاکردوەتەوە. جەنگیش لەسەر ئەو کێڵگەیە و گوڵەکانی و بونەوەرەکانی هەڵدەگیرسێت. لەنێویشیاندا کۆمەڵێك مێرووله کە خانۆچکەیەکی زستانەیان بۆخۆیان دروستکردوە و کۆکردنەوەی خۆراکی زستانەشیان شەکەتی کردوون، بەڵام جەنگ خانۆچکەکەی خاپوورکردن و زۆربەشیانی کوشت و ماندبوونەکەشیان بەفیرۆچوو.

-دووەم: پەنابردن بۆ جیهانی ریالیستی و رووداوە راستەقینەکان و بڕگەکانیشی بەشوێن و کات ناودەنرێت، بگرە دەکرێت لەنێو دێڕەکانیشیدا سیاقی جەنگ و بەرەوپێشچوونی رووداوە هاوتەریبەکانی ژیانی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی یان چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە، زۆرکاتیش کارەکتەرو کەسایەتیەکان بەگشتی بەرهەمی خەیاڵن وەك شاکارەکەی ڤیکۆر هۆگۆ(کلۆڵەکان)، دەبینین کە پەنای بۆ جیهانی راستەقینە بردووە، رووداوەکانیشی بۆ سەردەمێکی دیاریکراو دەگەڕێنەوە کە تیایدا رەخنە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی فەرەنسا دەگرێت لەنێوان کەوتنی ناپلیۆن ١٨١٥و شۆڕشی شکستخواردوی دژ بە شا لویس فیلیپ لەساڵی ١٨٣٢، هەرچی سڤیتلاناشە هەڵهێنجراوی واقیعە بەبێ پەردەپۆشکردنی ئەدەبی کە ئەوەش کارێکی سانایە، بەڵام پێنەگەیشتووە، کە بەبۆچوونی سادەی بەندە هاو رەوتە لەگەڵ گیرۆدەبوونمان بەو بێ هەستنەکردنە لەبەرامبەر هەموو ئەوەی رووەدەدەن لە کوشتارگەو دووبەرەکی و حوکمدان بەسەر ئەویتری جیاواز و قبوڵ نەکردنی، هەروەها چاوچنۆکی سەرمایەداری ووردوخاشکردنی هەژاران.

سڤیتلانا ژنێکی ئازایە و وەك ژنە رۆژنامەنووسەکانی دیکە تووشی ئازاری جەستەیی و هزری بووەتەوە بۆ گەران بەدوای زانیاری، ئەویش نەك لەپێناو دروستکردنی شتێك لەخەیاڵی خۆی، بەڵکو گێڕانەوەی لەسەر زاری خاوەنەکەی لەسیاقی ئاخاوتن و ئەو نەهامەتیەی بەهۆی سیاسەتی وڵاتەکەیەوە دوچاری بووەتەوە، یان بەهۆی نادانایی و دەبەنگی بەرپرسەکانی لەهەنێك باردا.

کۆکبین یان نا، لەسەر بەرهەمەکەی سڤیتلانا وەك کارێکی رۆژنامەگەری، یان ئەدەبی، یان راپرسی، یان هەرچییەکی تر، ئەوا لەسەر ناونانەکە جیاواز دەبین، بەڵام لەسەر ناوەرۆکی کارەکەی سەرجەم نووسەران لێی کۆدەبنەوە.

**سەرچاوە: الحوار المتمدن**